سەرکی یەکێتیی: هەوڵەکانمان بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵات و راستکردنەوەی ڕەوشی حوکمڕانییە لەکەرکوك



باڤێ جەلال تاڵەبانی سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە کەرکوك لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستا، زانای ئاینی و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی سنووری پارێزگاکە کۆبووەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا کە ڕەفعەت عەبدوڵا، ئاسۆ مامەند، شاڵاو عەلی عەسکەری، هاوڕێ شێخ دارێ و شێخ ئەحمەد حەمەکەریم، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ڕێبوار تەها، سەرکی لیستی هاوپێمانی کەرکوك هێز و ئیرادەمانە ئامادەبوو، باڤێ جەلال تاڵەبانی ستایشی ڕێ و پێگەی مامۆستایانی ئاینی و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی کەرکوکی کرد لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە، گۆشەپەدانی بیری میانڕەوی و قووڵکردنەوەی پێکەوەژیان و رایگەیاند: "یەکێتی بە ڕەزەوە لە هەوڵەکانتان دژوانت و پشتگیریی هەر هەنگاوێکیش دەکات کە ئامانجی پەرەپەدانی گیانی تەبایی و پێکەوەژیان بێت لەنێوان سەرجەم نەتەوە و پێکهاتەکانی کەرکوکدا".

لەدرێژەی وتەکانیدا سەرکی یەکێتیی ئاماژەی بە بەرنامە سیاسی و خزمەتگوزارییەکانی هاوپێمانی کەرکوك هێز و ئیرادەمانە کرد و رایگەیاند: "هەوڵەکانمان بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵات و راستکردنەوەی

ڕووی حوکمڕانییە لە ناوچەکە، خزمەتکردنی کەرکوك و داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانی خەڵکە خەباگرەکەی ئەرکی ئەمڕۆیە، ئەمە لەسەر ڕەزووی سیاسەتە دروستەکەی مام جەلال هەنگاودەنێین کە خەی لە پاراستنی مافی سەرجەم نەتەوە و پێکهاتە ڕەسەنەکانی کەرکوك دەبینەتەوە و بەهەموو شێوەیەك پاڵاوزخستن و جیاکاری ڕەتدەکاتەوە".

بافە جەلال تابانی داوای لە کەرکوکییەکانیش کرد وەك چۆن لە ڕابردوودا مژوویەکی پڕ لە سەروەری و شانازیتان نووسیووەتەوە، ئێستاش بە هەمان ڕەحیەتەوە بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و هاوپێمانی کەرکوك هەز و ئیرادەمانە هەبژێرن، دەنگ بە لیستی ١٤٢ بدەن و شانازییەکی تر لە مژوودا تەماربکەن و بەرگری لە کوردستانیبوونی کەرکوك بکەن.

لەکەتایی کەبوونەوەکەدا گفتوگۆیەکی کراوە بەدوواچوو و لەبەرامبەر سەرنج و پێشنیارەکاندا سەرۆکی یەکەتیی وتی: "کەرکوك لە دەماندایە و ماڵی هەموو کەرکوکییەك، ماڵی من و یەکەتیشە، ئەمە هەرگیز کەرکوکمان جێنەهێشتووە و هەمیشەش هەر وادەکەین، ئێستاش بە سەرکەوتنی هاوپێمانیی کەرکوك هەز و ئیرادەمانە، مژوویەکی دیکە بە یەکەتییەکەمان دەنووسینەوە و لە قەڵا دەرین و سەربەرزەکەی خەتانەوە مژدەی سەرکەوتن رادەگەیەنین".